

# سینەما و ئازاری مرۆیی

**ئەندریێ تارکۆڤسکی**
**لە عەرەبییەوە: ئەکبەر حەسەن**

لەوانەیە هەندێک جار مرۆڤ هەندێک کار بکات، بۆ ئەوەی لە هەندێک بیرۆکە دەربازی بێت. بەڵام لە راستیدا هیچ فیلمێک، هەرچەند شەخسیش بێت، دروست نابێت ئەگەر قسەکردن تیایدا تەنیا دەربارەی موئەلیف بێت. ئەگەر فیلمێک یان کتێبێک سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا، دڵنیابن هەموو ئەو شتانەی کە لەو فیلمە یان کتێبەدا شەخسیو تایبەتین، هیچ نین جگە لە پاڵنەرێک بۆ لەدایکبوونی بیرۆکەکە، بەڵام ئەگەر کارەکە تەنیا لە سنووری نۆستالژیادا بوو، کە ئەمە تەنیا بۆ دەرهێنەر گرنگە، ئەوکاتە ئەوانی دیکە لێی تێناگەن.

# من باوەڕم بە یەك ڕێگەو یەك زمان هەیە، کە زمانی ڕاستگۆییە

ناتوانم وێنای ئەگەری بەرجەستەبوونی بیرۆکەیەک بکەم کاتێک ئامانجی موئەلیف قسەکردن بێت بە زمانێک، کە بە ئاسانی پەیامەکەی بگەیەنێت بە وەرگرانی. نازانم ئەم زمانە ئاسانە چ مانایەکی هەیە. من باوەڕم بە یەک ڕێگەو یەک زمان هەیە، کە زمانی ڕاستگۆییە.

کاتێک موئەلیف دەیەوێت پەیامەکەی بە ئاسانی بگەیەنێت بە هەموان، ئەو کاتە دەست دەکات بە یاریکردن لەگەڵ جەماوەرداو هەوڵ دەدات بیانخاتە پێکەنینو دڵیان خۆش بکاتو سەرگەرمیان بکاتو سەرنجیان رابکێشێت بە هۆکارگەلی زۆر ئاسانو سادە. بێگومان ئەمە پەیوەندیی بە هونەرەوە نییە. لە ئەنجامدا، هەرچەند هەوڵ بدەین وەرگران لێمان تێبگەنو پەیامەکانیان بە ئاسانی پێ بگات، ئەو کاتە ئەمە هەمیشە دەبێت بە شوێنی تێبینی، دەبێتە درۆیەکی رووتو قسەی قۆڕ، پاشان پەیوەست دەبێت بە لەدەستدانی هەستکردن بە ڕێز لەخۆگرتنو نەمانی ڕێز بەرامبەر ئەو کەسانەی کە کارەکانمان ئاڕاستەیان دەکەین.

بە لای منەوە سینەما مومارەسەیەکی پیشەیی نییە، بەڵکو مومارەسەیەکی ئەخلاقییە.

لە سینەمادا شتێکی سەیر هەیە: هەندێک جار دەرهێنەران وێنەی فیلمەکانیان دەگرن، بەڵام بەبێ ئەوەی خۆیانو هەموو وزەیانی بۆ تەرخان بکەن، بە جۆرێک کە تەنیا دەبن بە بەڕێوەبەری پرۆسەکە، نەک داهێنەری. ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی بەرچاوە. زۆرێک لەو دەرهێنەرانە بەم جۆرە بیر دەکەنەوە: لێرە شتێک دەدزین، شتێکی دیکە لەو دەرهێنەر وەردەگرین، هەندێک گفتوگۆ دەخەینە ئێرەوە، هەندێک دێری ناو کتێبەکان دەخوێنینەوە، پاشان یارییەکی باش بەمانە دەکەینو دەیانسازێنین.

من دەڵێم ناشێت هیچ شتێک بسازێنرێت، چونکە هەموو ئەمانە بژاردەکراونو ژیانیان بۆ نانووسرێتەوە. ژیانو داهێنان یەک سەرچاوەو یەک هۆکارو یەک ئامانجیان هەیە، مرۆڤ بۆ ئەوە دەژی، بۆ ئەوەی ئایدیاو بەهای دیاریکراو ببن بە ئامانجی.

هونەر هیواو باوەڕمان پێ دەبەخشێت، دەروونمان پڕ دەکات لە هەستکردن بە عیزەتو کەرامەتی خۆی. هێزی سەقامگرتنو توانای خۆبەدەستەوەنەدانو ملکەچنەبوون دەخاتە ناو خوێنی مرۆڤو کۆمەڵگەوە. مرۆڤ پێویستی بە ڕووناکی هەیە. هونەر ئەم ڕووناکییەی دەداتێو هیوای بە داهاتوو پێ دەبەخشێتو چەندین ئاسۆی فراوان لە بەردەمیدا دەکاتەوە.

پێویستە کاری هونەری بتوانێت شۆکی پاکژکردنەوە دروست بکاتو دەست لە کۆژانە زیندووەکانی مرۆڤ بدات. ئامانجی هونەر ئەوە نییە فێرمان بکات چۆن بژین، ئایا لیۆناردۆ داڤینشی لە ڕێگەی (پاکیزەکەیەوە) فێرمان دەکات؟ ئەندرێ رۆبێلڤ لە ڕێگەی (ئایکۆنەکانییەوە) فێرمان دەکات؟

هونەر چارەسەر بۆ کێشەکان نادۆزێتەوە، بەڵکو ئەم کێشانە دەخاتەڕوو. هونەر دەتوانێت مرۆڤ بگۆڕێتو ئامادەی بکات بۆ چاکبوونو ئازادکردنی وزە ڕۆحییەکانی. مانای باڵای هونەر لەمەدایە.

***

شتێک کە گومانی تێدا نییە، ئەوەیە کە سینەما هونەرێکی تەئلیفییە. ئەگەرچی بەلای منەوە ئەمە یاسا نییەو بروام بە سینەمای موئەلیفو سینەمای ناموئەلیف، دەرهێنەری موئەلیف و دەرهێنەری ناموئەلیف نییە، بەڵام پێم وایە ئەوەی کە پێی

# وتار

دەوترێت سینەمای نامۆئەلیف، بەرهەمێکی داهێنەرانە نییە.

سینەما ئەو کاتە دەبێت بە کارێکی تەئلیفی، کە لە ئاستی (سینەمای رووت)ەوە بەرز بێتەوە بۆ ئاستی هونەرو کەسێتیی هونەرمەند گوزارشت لە جۆرێتیی کارە هونەرییەکە دەکات. سینەمای باش سینەمای تەئلیفییە، دەرهێنەری باشیش کەسێکە کە پرەنسیپی تایبەتو دیدگای دیاریکراوی هەبە سەبارەت بە دیاردەکانی ژیان.

***

بۆ ئەوەی پرۆسەی بیرۆکە گەڵاڵەببێت، پێویست بەوە دەکات ئیرادەی دەرهێنەر تووشی بارگرژییەکی توند ببێت. پێم وایە ئیرادە رۆڵێکی یەکلاکەرەوە دەبینێت لە پرۆسەی داهێناندا، بە جۆرێک کە خودی دەرهێنەر فەرمان بەخۆی دەکات بەردەوام بیر بکاتەوە، لە کاتی رۆشتندا، لە کاتی سەرخەوشکاندندا، تەنانەت لە کاتی خەونبینینیشدا هەر بیر دەکاتەوە.

***

دەبێت هونەر هیواو باوەڕ لە مرۆڤدا ببوژێنێتەوە. تەنانەت ئەگەر ئەو جیهانەی کە هونەرمەند لەبارەیەوە دەدوێت، هیچ بوارێک بەمە نەدات.

بە مانایەکی وردتر، هەتا ئەو جیهانەی کە لەسەر شاشە دەردەکەوێت، تاریکتر بێت، دەبێت ئەو پرەنسیپانەی کە لە هونەرمەنددا هەن، زیاتر روون بینەوەو ئەگەری بەرزبوونەوە بۆ ئاستێکی رۆحیی نوێ لە بەردەم بینەردا بە ڕوونی بەرجەست ببێت.

***

ئەوەی کە ئێستا بۆ من گرنگە، ئەوەیە لێگەڕێین بینەر، پێش هەر شتێک، باوەڕ بە شتێکی زۆر سادە بهێنێت: سینەما، بە مانایەکی دیاریکراو، توانایەکی زۆر گەورەی هەیە لە چاودێریکردنو هەڵقووڵانی ژیاندا. بە باوەڕی من جەوهەری سینەمای شاعیرانە بە دیاریکراوی لەم توانایەدایە. سینەما دەتوانێت بە قووڵی سەیری جەوهەری ژیان بکات.

***

من هەوڵ دەدەم لە فیلمەکانمدا جیهانی کارتێکەرانەی تایبەت بە خۆم دروست بکەمو سەرنجی بینەری بۆ رابکێشم، بەبێ ئەوەی هەوڵ بدەم ئەوەی لەو ساتەدا لەسەر شاشە روودەدات، شی بکەمەوە، چونکە ئەمە یارمەتیی گەیشتنی ماناکانی ناو فیلمەکە بەبینەر نادات. هەوڵ دەدەم وێنەو خوازەکان قووڵ بن، بەڵام نەبن بە مەتەڵ.

وێنە رەنگدانەوەیەکی شاعیرانەی خودی ژیانە، میتافۆرێکە. ئێمە دەستمان بە پانتایی فراوان ناگات، بەڵام وێنە-میتافۆرەکان دەتوانن بیچننەوە.

***

فیلمی (قوربانی) گوزارشت لە چیرۆکێکی شاعیرانە دەکات، کە دەشێت هەر دیمەنێکی بە چەندین شێوەی جیاواز تەئویل بکرێت. من باش دەزانم ئەم فیلمە، بە پێچەوانەی بیرکردنەوەی باوی سەردەمەکەمان، دژی تەوژمەکە دەجولێتەوە. من مرۆڤێکی باوەڕدارم و هەست بە سەرسامی و حەپەسان دەکەم لە بەرامبەر ئەو خۆکوژییە رۆحییەی کە بەرەو رووی دەرۆین بەبێ ئەوەی سیستەمێک هەبێت ناچارمان بکاتو پاڵمان پێوە بنێت بەرەو رووی برۆین. هەست دەکەم لە شێوازی بیرکردنەوەمدا لە شێوازی خۆرهەڵاتییەوە نزیکم، چونکە لە خۆرهەڵات مرۆڤ ملکەچی دەنگە ناوەکییەکی خۆیەتی.

***

لە سەردەمی جەنگدا هاوتەمەنی ئیڤان بووم. زۆر

# به لای منەوە سینەما مومارەسەیەکی پیشەیی نییە، بەڵکو مومارەسەیەکی ئەخلاقییە

باش پەناگەو ئاوارەبوونەکەو گەڕانەوەی باوکم لە بەرەی جەنگ، پاش ئەوەی لاقێکی لەدەست دا، لە بیرە، بەڵام ئیڤان کەسێتییەکە، کە جەنگ دۆزییەوە، پاشان هەر جەنگ هەڵی لووشی.

***

کێشەکە ئەوەیە کە ئازادیی بیرکردنەوە لە واقیعدا بوونی نییەو ناشێت بوونیشی هەبێت. ئێمە کە لەم جیهانەدا دەژین، لە پێناوی ئەوەدا نییە کە ئازاد یان بەختەوەر بین، ئامانجی بوونی مرۆڤ تەواو جیاوازە. ئێمە بۆیە دەژین، بۆئەوەی جەنگێک دژی خۆمان بەرپا بکەین‌و تیایدا سەربکەوین. لە هەمان کاتدا سەربکەوین‌و تێکبشکێین... بە زۆریش نازانین ئایا بەڕاستی براوەین. هیچ کەس ناتوانێت ئەمە بزانێت. ئەمە خودی پووچییەکەیە.

***

شاعیرێتیی داهێنەر، کە واقیعی دەوروبەر دروستی دەکات، دەتوانێت بۆ سەرووی ئەم واقیعە بەرز ببێتەوەو پرسیار لە بەردەمیدا دروست بکاتو لەگەڵیدا بکەوێتە ململانێیەکی توندەوە. ئەم ململانێیە بە تەنیا لەگەڵ واقیعی دەرەکیدا روونادات، بەڵکو لە ناخی مرۆڤیشدا بوونی هەیە. دیستۆیڤسکی بەم جۆرە بەرزەخە کوشندەکانی ناو ناخی خۆی کەشف کردو تیایدا قەشەو شەڕەنگێزەکانی لەیەک ئاستدا بینی، کە هیچ کام لەوان نوێنەری دیستۆیڤسکی خۆی نەبوون. هەریەک لە قارەمانەکانی پوختەی سەرنجو تێڕامانەکانی بوون، هەرگیز بەرجەستەکردنی کەسێتییەکەی نەبوون.

لە فیلمی نۆستالژیادا ویستم درێژە بە بابەتە تایبەتییەکەی خۆم بدەم، بابەتی مرۆڤی (لاواز)، کە پێم وایە لەم ژیانەدا سەرکەوتووە. لە فیلمی (ستالکەر)دا رێنوێنەکە لە مۆنۆلۆگەکەیدا بەرگری لە لاوازی دەکات وەک تاکە بەهای راستەقینە لە ژیاندا. من هەمیشە ئەو کەسانەم خۆشویستووە، کە بەهیچ شێوەیەک نەیانتوانیووە بە شێوەیەکی پراگماتیکی خۆیان لەگەڵ بووندا بگونجێنن. لە فیلمەکانی مندا پاڵەوان نییە، بەڵکو کەسێتی هەن، کە هێزیان لە قەناعەتە رۆحییەکانیاندایەو بەرپرسیارێتیی ئەوانی دیکە هەڵدەگرن.

ئەندرێ رۆبلێڤ وەک منداڵێکی بێگەرد سەیری جیهانی کرد. ئەو مژدەی خۆشەویستیو چاکەو ناتوندوتیژیی دەگەیاند. پاشان بوو بە شاهیدی رووداوە توندوتیژە تۆقێنەرەکان، کە لە جیهانی دەوروبەریدا بڵاوبوونەوە. لەبەر ئەوەش تووشی بێهیواییەکی تاڵ بوو. لەگەڵ ئەوەشدا لە کۆتاییدا حەقیقەتی کەشف کرد: حەقیقەت لە بەهای خۆشەویستیی خۆڕسکدایە، کە خەڵک دەتوانن بە یەکدیی ببەخشن.

کالڤن، پاڵەوانی سەرەکیی فیلمی (سۆلیارس) کە لە سەرەتادا وەک بۆرجوازییەک بچووک دەردەکەوێت، لە راستیدا رۆحی بە ئازاری راستەقینە بارگران دەبێتو وای لێدەکات مامەڵەکردنی دژی ویژدانی خۆی مەحاڵ بێتو رێگای نەدا دەستبەرداری بەرپرسیارێتی ببێت لە ئاستی خۆیو ئەوانی دیکەشدا.

پاڵەوانی فیلمی (ئاوێنە) لاوازو خۆپەرست بوو. نەیتوانی خۆشەویستییەکی پاک ببەخشێت، تەنانەت بە کەسە نزیکەکانیشی. پاساویشی بۆ ئەوە کۆژانە رۆحییەکانێتی کە لە ژیانیدا بە دەستیانەوە ناڵاندوویەتی. لە فیلمی «ستالکەر»دا رێنوێنەکە مرۆڤێکی نامۆیە، بە ئاسانی تووشی هیستریا دەبێت، بەڵام بەرتیل وەرناگرێت.

دۆمینیکۆ لە فیلمی (نۆستالژیا)دا لە رێنوێن دەچێت،



ئەگەر فیلمێک یان کتێبێک سەرکەوتنێکی باشی بەدەست هێنا، دڵنیابن هەموو ئەو شتانەی کە لەو فیلمە یان کتێبەدا شەخسیو تایبەتین، هیچ نین جگە لە پاڵنەرێک بۆ لەدایکبوونی بیرۆکەکە، بەڵام ئەگەر کارەکە تەنیا لە سنووری نۆستالژیادا بوو، کە ئەمە تەنیا بۆ دەرهێنەر گرنگە

## وتار

قەناعەتە شەخسییەکانی هەڵدەهێنجێتو ڕێگەی ئازارە تایبەتەکانی هەڵدەبژێرێت، کە ڕێگە لەوە دەگرێت بۆ ناو دونیای گاڵتەجاڕیو بێئابڕوویی پەلکێشی بکەن. هەوڵ دەدات لە ڕێگای قوربانیدانەکەیەوە ڕێگە لە مرۆڤایەتی بگرێت بەرەو وێرانبوون بڕوات. هیچ شتێک لە هۆشی مرۆڤ گرنگتر نییە، کە لێناگەڕێت هەموو بەرەنگاربوونەوەی یاخود نەبوونی توانای قبوڵکردنی هزرە ساویلکە بەرتەسکەکانو بەها ئەخلاقییە داڕزاوەکان سەرنجم ڕادەکێشن. ئەوەی بەڕاستی بۆ من گرنگە، ئەو مرۆڤەیە کە دەزانێت مانای ژیان لە ململانێدایە لەگەڵ ئەو خراپەیەدا کە لەناو ناخیدا هەیە. هەر ئەمەشە پاڵی پێوە دەنێت لە تەواوکۆیی



شتێک لە ژیاندا وەرگرێتو چێژی لێ وەرگرێت. ئەمە حاڵەتێکی تایبەتی ڕۆحە، کە نزیکە لەو شتە باشانەی کە لە نەریتی ڕۆشنبیرە رووسەکاندا هەن: مرۆڤێکی شەریف، قەلەق، ئازارچەشتوو، کە بەڕاستگۆییەوە بەدوای باوەڕو چاکەو ئایدیاڵدا دەگەڕێت.

خواستی مرۆڤ بۆ خزمەتکردنی ئایدیاڵێکو بەهایەکی باڵا سەرنجم ڕادەکێشێت، بە هەمان شێوە ڕۆحی (کمال الروحی)ی نزیک ببێتەوە، تەنانەت ئەگەر بە چەند هەنگاوێکی کەمیش بێت. بەدەر لەمە، تەنیا یەک ئەڵتەرناتیف هەیە: داڕزانی ڕۆحی کە ژیانی ڕۆژانەو فشارەکانی سەردەم پەلکێششمان دەکەنە ناوی.

پاڵەوانی فیلمی (قوربان) بەهەمان شێوە کەسێکی لاوازە بە مانا گشتییەکەی وشەکە. ئەم کەسە

# من لە هەموو شتێکدا قەرزاری دایکمم، چونکە یارمەتیی دام خۆم بدۆزمەوە

پاڵەوان نییە، بەڵام مرۆڤێکی بیرکەرەوەو شەریفەو دەتوانێت قوربانی بدات لە پێناوی ئایدیاڵێکدا، کاتێکیش هەڵوێستەکە لێی دەخوازێت، دەستبەرداری بەرپرسیارێتی نابێتو نایخاتە ئەستۆی ئەوانی دیکەوە. ئەمە سەرەڕای ئەوەی هەوڵ دەدات وەک کەسێکی ئاڵۆز بمێنێتەوە، چونکە کەسە نزیکەکانی وەک تێکدەرو ترسێنەر سەیری رەفتارەکانی دەکەن. هەر لەبەر ئەمە حەقیقەتی رەفتارەکانی مۆرکێکی درامییان هەیە. ئەو زۆر بوێرانە هەڵسوکەوت دەکاتو ریسکی ئەوە دەکات وەک شێت دەربکەوێت، بەڵام قەناعەتی بەوە هەیە کە ئینتیمای بۆ شتێکی گشتگیرو پەیوەست بە جیهانەوە وەک گشتێک هەیە. ئەم کەسە ملکەچی بانگەشە ناوەکییەکەی دەبێت، سەرداری چارەنووسی خۆی نییە، بەڵکو کۆیلەیەتی. کاتێک باس لە لاوازیی ئینسانی دەکەم وەک بابەتێک کە سەرنجم رادەکێشێت، مەبەستم لەو هەستەیە، کە پڕە لە هەستی ترسان لە سیاسەتی دوژمنکارانەو فراوانبوونی پەیوەندی لەگەڵ خەڵکو ژیاندا بە شێوەیەکی گشتیو ترسان لە خراپ بەکارهێنانی ئەوانی دیکە بە مەبەستی دابینکردنی ئامانجە تایبەتییەکان، بە وشەیەک: من گرنگی بەو توانا ناوەکییانەی مرۆڤ دەدەم، کە بەرهەڵستی رۆتینی ژیانی مادی دەکەن.

***

بە شێوەیەکی گشتی سینەما دەستاوێژێکە بۆ کۆکردنەوەی بەشەکان لە پێکهاتەیەکدا، فیلم لە چەند گرتەیەک پێک دێت، وەک چۆن مۆزایک لە چەند پارچەیەکی سەربەخۆ پێکدێت، کە رەنگی جیاواز جیاوازیان هەیە. لەوانەیە هەر رەنگێک خۆی لە خۆیدا مانا نەبەخشێت ئەگەر لە چێوەکەی دەربێنێت، چونکە تەنیا لەناو کۆدا دەژی.

***

من یەکێک بووم لەو کەسانەی کە هەوڵیان دا پەیوەندی لە نێوان رابردووی رووسیاو داهاتوویدا دروست بکەن، کە رەنگە ئەمە ناهۆشیارانە بووبێت. سەبارەت بە خۆم، نەبوونی ئەم پەیوەندییە قەدەرێکی شووم دەبێتو ناتوانم بەبێ ئەو پەیوەندییە بژیم، هونەرمەند هەمیشە رابردوو دەبەستێتەوە بە داهاتووەوە. هونەرمەند تەنیا لە ساتی ئێستادا ناژی، ئەو نێوانگرە، پشتیوانی رابردووە لە پێناوی داهاتوودا.

***

ئەوەی کە مرۆڤ بەرهەمی دەهێنێت، گرنگ نییە، بەڵکو ئەوە گرنگە کە لەسەر رێگەی ئەم بەرهەمهێنانە وەستاوە. هەروەها ئەوەش گرنگ نییە مرۆڤ لە سەرەتای رێگەکەدا وەستابێت یان لە کۆتاییەکەیدا، گرنگ ساتی وەستانە لەسەر ئەم رێگەیە، کە هەرگیز کۆتایی نایەت.

***

هەندێک جار بە کەسێک دەگەیت، وا دەردەکەوێت زانیاریی زۆری پێیە، بە باشی ئاگاداری شیعرو وێنەو مۆسیقایەو پێت دەڵێت فلیمەکەت زۆر سەرسامی کردووە. تۆش هەست بە ئاسوودەیی دەکەیت. پاشان کاتێک لەگەڵیدا دەکەویتە قسەکردن سەبارەت بە فیلمەکە، دەردەکەوێت هیچ شتێک لە فیلمەکە تێنەگەیشتووە. ئەمە ترسێنەرە، ئەوەشی کە زۆر مایەی دڵتەنگییە، ئەوەیە کە راستەوخۆ پێت بڵێت: لە فیلمەکانت تێناگەم...

***

قەیرانی کولتووری لە ماوەی سەد ساڵی کۆتاییدا

ئەو هونەرەی کە من مومارەسەی دەکەم، تەنیا ئەو کاتە مومکین دەبێت، کە بەوە رازی نەبێت تەنیا گوزارشت لە خودی خۆم بکات، بەڵکو لەناو خۆیدا هەموو ئەو شتانە هەڵبگرێت، کە توانیوومە لە ژیانم و مامەڵەکردنم لەگەڵ خەڵکدا بیچنمەوە

# وتار

بووە هۆی ئەوەی هونەرمەند بتوانێت بەبێ هیچ باوەڕو بەهایەکی رۆحی لەسەر پێی خۆی بڕوات. داهێنان بۆ ئەم کەسانە بوو بە جۆرێک لە غەریزە (ئەگەر ئەم دەربڕینە راست بێت). ئێمە دەزانین کە ئاژەڵانیش هەستێکی جوانیناسییان هەیەو دەتوانن ئەو شتە بخولقێنن کە کامڵە، بێگومان بە مانا فۆرمیو سروشتییەکەی کامڵ، بۆ نموونە ئەو شانانەی کە هەنگ دروستیان دەکات بۆئەوەی هەنگوینیان تێ بکات. ئێستا هونەرمەند وا سەیری بەهرە پێبەخشراوەکەی دەکات، وەک ئەوەی شتێکی تایبەت بێتو لە بەرامبەر ئەوانی دیکەدا پابەندی ناکات. ئەم حاڵەتە نەبوونی رۆحییەت لە هونەری هاوچەرخدا تەفسیر دەکات، کە یان دەبێت بە دۆزینەوەو کەشفی سادە، یان فرۆشتنی کاڵا. سینەما، زیاتر لە هەرشتێکی دیکە، بەدەست ئەم قەیرانەوە دەناڵێنێت. وەک ئاشکراشە، سینەما لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمداو تەنیا بۆ قازانج کەوتە بازاڕ.

ئێمە لە جیهانێکی سۆفیستانەدا دەژین. مرۆڤ ئازادانەو ئازایانە لەدایکبووە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە لەبەر ئەوە مامەڵە لەگەڵ یەکدیدا ناکەین، چونکە پێمان خۆشەو چێژمان پێ دەبەخشێت، بەڵکو بۆ ئەوەی هەست بە ترسانو تۆقین نەکەین. هەموو تەکنۆلۆجیایەکو ئەوەشی کە پێی دەوترێت پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا لە مێژوودا، لە راستیدا هیچ نییە جگە لە دروستکەری هەندێک پەلوپۆی دروستکراو. دەستەکانمان درێژ دەکات، بینینمان بەهێز دەکاتو وامان لێ دەکات بتوانین بەخێرایی بجوڵێین. ئێمە لە ئێستادا لە خەڵکانی سەدەی پێشوو خێراتر دەجوڵێین، بەڵام بەهۆی ئەمەوە خۆشبەختتر نەبووین. کەسێتییەکانمان چوونەتە ناو دۆخی ململانێ لەگەڵ کۆمەڵگەدا، چونکە چیتر بەشێوەیەکی هارمۆنی پەرە ناسێنین، پەرەسەندنی رۆحیشمان بە پلەیەکی وەها کەمبووەتەوە، کە بووین بە قوربانیی ئەو پێشەکەوتنەی کە بەرەو گەشەکردنی تەکنۆلۆجی پەل دەکوتێت. چیتر ناتوانین دژی تەوژمی باو بجوڵێین، تەنانەت ئەگەر ئەوەشمان بوێت. مرۆڤایەتی ئامادە نییە لە رووی ئەخلاقییەوە وزە نوێیەکانی لە پێناوی چاکەکردندا بەکاربهێنێت. ئێمە کۆیلەی سیستەمێکی پاڵپێوەرو کۆیلەی ئامێرین، کە راگرتنی ئەم سیستەمە مەحاڵ بووە.

***

ئەو هونەرەی کە من مومارەسەی دەکەم، تەنیا ئەو کاتە مومکین دەبێت، کە بەوە رازی نەبێت تەنیا گوزارشت لە خودی خۆم بکات، بەڵکو لەناو خۆیدا هەموو ئەو شتانە هەڵبگرێت، کە توانیوومە لە ژیانم و مامەڵەکردنم لەگەڵ خەڵکدا بیچنمەوە. هونەر دەبێت بە گوناهێک کاتێک تەنیا لە پێناو ئامانجو بایەخە تایبەتییەکانی خۆمدا بەکاری دەهێنم. هاوکات نابێت سەیری ئەو شتە بکەم، کە دەمەوێت ئەنجامی بدەم لەسەر ئەو بنەمایەی کە داهێنانێکی ئازادە، بەڵکو دەبێت وا سەیری بکەم، کە کردەیەکەو دەبێت ئەنجام بدرێت، لەو رووەوە کە ناشێت کارکردن ئیسراحەتو چێژ بە دوای خۆیدا بهێنێت، بەڵکو ئەرکێکی قورسو ئازاردەرە. لە راستیدا من هەرگیز لەوە تێنەگەیشتووم کە چۆن دەشێت هونەرمەند لە میانەی پرۆسە داهێنەرانەکەیەوە دڵخۆش بێت. مرۆڤ لە پێناوی بەختەوەربووندا ناژیو داهێنان ناکات، چونکە هەندێک مەسەلە هەن، کە زۆر لە بەختەوەری گرنگترن.

***

من لە هەموو شتێکدا قەرزاری دایکمم، چونکە

# ئێمە بۆیە دەژین، بۆئەوەی جەنگێك دژی خۆمان بەرپا بكەین و تیایدا سەربكەوین

یارمەتیی دام خۆم بدۆزمەوە. ئەو کاتەی باوکم دایکمی بەجێهشت من تەمەنم سێ ساڵو خوشکەکەشم هێشتا دوو ساڵی پڕ نەکردبووەوە. کاتێکی قورس بوو بۆ دایکم. دایکم بەردەوام لەگەڵمان مایەوەو پەروەردەی کردین، جارێکی دیکە شووی نەکردەوەو بەدرێژایی ژیانی باوکمانی خۆشویست. دایکم ئافرەتێکی پاکیزەو سەرسوڕهێنەر بوو. هەرگیز نەیتوانی خۆی لەگەڵ ژیاندا بگونجێنێت. هەموو شتێک کەوتە ئەستۆی ئەم مرۆڤە تەنیایە. دایکم لەگەڵ باوکم لە گەلەری ئەدەبیی بریۆسۆڤ خوێندوویەتی، بەڵام بەهۆی بایەخدانو سەرقاڵبوونی بە باوکمو دووگیانبوونی بە خوشکەکەم، بڕوانامەی بەدەست نەهێنا. دەزانم خەریکی ئەدەب بووە. هەندێک لە ڕەشنووسی پەخشانەکانیم دەست کەوت. دەشیا دایکم بەشێوەیەکی تەواو جیاواز خۆی بدۆزیایەتەوە ئەگەر ئەو بەڵایە رووی تێ نەکردایە. دایکم لە سەردەمێکی سەختدا خۆی بینییەوە کە دەستاوێژی گوزەرانی نەبوو و دەبوو دوو منداڵی بچووک بژێنێت. ئەو وەک هەڵەچن لە چاپخانەیەکی حکومیدا دەستی بەکار کردو هەتا ئەو کاتەی خانەنشین کرا، لەسەر ئەو کارە بەردەوام بوو. هەتا ئێستاش نازانم چۆن توانیی تا کۆتایی چاودێریی منو خوشکە بچووکەکەم بکاتو فێرمان بکات؟ ئەمە سەرەڕای ئەوەی من لە قوتابخانەیەکی تایبەتدا وانەی وێنەکێشانو پەیکەرتاشیم دەخوێند. من وانەی تایبەتیم دەخوێند، بەتایبەتیش مۆسیقا. دەبوو لە بەرامبەر هەموو ئەمانەدا پارە بدات. بەڵام ئەم پارەیەی لە کوێوە دەهێنا؟ دەشێت کەسێک بڵێت ئەمە ئاساییە، بەو پێیەی مرۆڤ سەر بە خێزانێکی ڕۆشنبیرەو دەبێت دەستاوێژی تایبەتیی خۆیی هەبێت. بەڵام هیچ ئاسایی نییە، چونکە بە پێخاوسی دەگەڕاین، لە هاویندا پێڵاومان لە پێ نەدەکرد، چونکە نەمانبوو. لە زستانیشدا پووتەکانی دایکمم لەپێ دەکرد، کە لە خوری دروست کرابوو. ئێمە لە تەنگانەو هەژارییەکی کوشندەدا بووین.

بەلای منەوە جیهان پەیوەست بوو بە دایکمەوە. تا ئەو کاتەی دایکم لە ژیاندا مابوو، هەستم بەمە نەکرد، بەڵام کاتێک کە مرد، کوتوپڕو زۆر بەڕوونی پەییم پێ برد. کاتێک فیلمی (ئاوێنە)م دروست کرد، دایکم لەژیاندا مابوو، وای بۆ دەچووم لەم فیلمەدا لەبارەی خۆمەوە دەدوێم، بەڵام وەک دواتریش بۆم دەرکەوت، ئەو فیلمە تەرخان بوو بۆ ژیانی دایکم.

***

پەیامنێر: ڕێگەت بە هەندێک لە پاڵەوانی فیلمەکانت داوە بگەڕێنەوە بۆ نیشتیمانی خۆیان، ئەمە پاڵمان پێوە دەنێت باوەڕ بەوە بهێنین کە نیشتیمان، چ بە لای ئەوانەوەو چ بەلای خۆشتەوە، شتێکی پیرۆزە. ئایا ناترسیت لە نیشتیمانەکەت داببڕێیت؟

تارکۆڤسکی: بێگومان دەترسم.

پەیامنێر: وەک هونەرمەند یان وەک مرۆڤ؟

تارکۆڤسکی: وەک هونەرمەند لە هیچ شتێک ناترسم.

پەیامنێر: ئەمە مانای ئەوەیە ئەو مرۆڤەی لە ناختدایە، قسە دەکات.

تارکۆڤسکی: دڵنیا نیم.. نازانم...

**سەرچاوە:**

اندریە تارکوفسکی: سینماه، حوارات معه و سیناریوهان، ترجمە واعداد: باسل الخطیب، دمشق، ٢٠٠٧، ص٩٨-١٠٥.

بەلای منەوە جیهان پەیوەست بوو بە دایکمەوە. تا ئەو کاتەی دایکم لە ژیاندا مابوو، هەستم بەمە نەکرد، بەڵام کاتێک کە مرد، کوتوپڕو زۆر بەڕوونی پەییم پێ برد. کاتێک فیلمی (ئاوێنە)م دروست کرد، دایکم لەژیاندا مابوو، وای بۆ دەچووم لەم فیلمەدا لەبارەی خۆمەوە دەدوێم، بەڵام وەک دواتریش بۆم دەرکەوت، ئەو فیلمە تەرخان بوو بۆ ژیانی دایکم